# ئەشكی ترێ



**بێریڤان جەمال حەمە سەعید**

**مۆتەکەی زووخاو شاڵاو ئەهێنێ**
لە کێڵگەی ڕۆحما هەر خار*ئەچێنێ
منیش بە شەراب کێڵگە ئاو ئەدەم
چی حەزم هەیە بەرهەمی دێنێ
**********

ڕەشی شەوەزەنگ خەستئەبێتەوە
تیشک و ڕووناکی تیا ئەکوژێتەوە
بەڵام ئەفسوونی شووشە ئاڵەکەم
کانیی تیشکی تیا ئەتەقێتەوە
**********

بۆن و بەرامەی هەناسەی شووشە
ئەمبات بۆ باخی پڕ لە ئەندێشە
بۆ زام و ئێشی هەست و نەستی من
سارێژی زامە و هەتوانی ئێشە
************

هەتا خاشاک و پەیکوڵ** بێتە ڕێم
شادی نەزانێ کە من خەڵکی کوێم
من کۆرپەی بەختم لای کچی رەز بێت
دەبا لەو دنیا هەر دۆزەخ بێت جێم!



خار: درك
پەیکوڵ: درکێکی سێ سوچە